

مافناس– حەسەن ئەیوبزادە

# بەڵگەنامەکان لە پەروەندەی  تیرۆری د.قاسملووو عەبدوللاقادرییدا

## درێژەی زنجیرە لێکۆلینەوەی : پێداچوونەوەیەک  بە پێداچوونەوەکەی  مەلا عەبدوللا بە وەرگێڕدراوی دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد  خولیای کوردستان

## بەشی۲۰

بەڵگەنامەکان لە بلاوکی ''کوردستان ''ئۆرگانی حدکا و پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوودا،

لــە بەشــی ۱۹ی زنجیــرەی لێکۆلینــەوەکان بــە پێداچوونەوەکــەی مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە بــە وەرگێــڕاوی کتێبــی خولیــاو مــەرگی رەحمــانی کــورد خولیــای کوردســتان، نووســینی کــارۆل پــرۆن هــۆبێر بــە زمــانی ئینگلیزیــی کــە مامۆســتا کاویــان کردوویــە بــە کــوردیی، گەیشــتینە لاپــەرەی ۳۱۵ ی کتێبەکــە و لێرەبــەدواوە کۆتــایی بــە لێکۆلینــەوە لــە ٤٤لاپــەرەی ئــاخری کتێبەکــە دێنــین. چونکــە ئــەو ٤٤ لاپەرەیــە بــە تــەواوی سانســۆر کــراوە و شــتێک لەبەردەســت دانییــە کــە توێژینــەوەی لەســەر بکــرێ. ئــەو چــل و چــوار لاپەرەیــە بەشــی زۆری بەڵگەنامەکان لە خۆ دەگرن کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە تەواوی سانسۆری کردوون.

دوای ئاشــکرا کــردن ونیشــاندانی هــەزاران تــەزویری مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە (حــەییاکی ) کــەبۆ چەواشــەکردنی واقعییــەتی تێــرۆری دوکتــور قاســملووو عەبــدوللا قــادریی ئــازەر، پاکانــە کــردن بۆدیپلۆمــات – تێرۆریســتەکانی کۆمــاری ئیســلامیی، زانیــاریی یــەکێتیی نیشــتمانیی بــۆ کوشــتاری ســەدان ئەنــدام و پێشــمەرگەی حــدکا لەباشــوری کوردســتان کردوونــی، پێویســت بــوو  لــە ســاتو ســەودای مــەلا عەبــدوللا ، لــە  فرۆشــتنی بزوتنــەوەی کــورد لــە رۆژهــەلاتی کوردســتان، لــە رادانــی حــدکا لــە قەندیلــەوە بــۆ ئۆردوگــای پەنابــەریی لــە کۆیــە،   لــە کوشــتاری ســەدان ئەنــدامی حــدکا بــە پێــێ پلانــی مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە و زانیــاریی یــەکێتیی نیشــتمانیی  و ئیتتیلاعــاتی سپای پاسداران  لە دۆکۆمێنتەکانی دیکەدا کە تائێستا  بلاو نەکراونەوە و بە  نهێنیی راگیراون بکۆلینەوە.

لــەو پێداچوونەوەیــەی کــە تائێســتا کــراوە، مــەلا عەبــدوللا حەســەنزادە، خــۆی ئاڵقــەی بزرکــراوی زنجیــرەی جینایەتــەکانی دژی حــدکا بووە کە تەزویرەکان ئاشکرایان کردووە .

**مەلا عەبدوللاو دۆکۆمێنتێکی ۲۷ ساڵ شاراوەی حدکا و ویدیئۆیەکی ساختەی  ۲٤ ساڵ لەمەوبەر**

لــە دوو  حــەوتووی رابــردوودا دوو بابــەت لــە پێوەنــدیی  بــە دوو رووداوی گرنــگ ســەبارەت بەرێبــەرانی بزووتنــەوەی کــورد لــە رۆژهــەلاتی کوردســتان بــلاو کرانــەوە. یەکــەمیان  کاســێتی وتــووێژی د.قاســملوو لەگــەل تێرۆریســت – دیپلۆماتــەکانی ســەر بــە علــی اکبــر هاشــمی رفسنجانی بووکــە  لــە ۲۸ دێســامبری ۱۹۸۸ لــە شــاری ڤییــەن لــە ولاتــی ئــوتریش ( نەمســا )بــەناوبژیوانیی ســەرۆکی یــەکێتیی نیشــتمانیی بەرێوە چووبوو .

https://www.youtube.com/watch?v=jQPYYLxbh9Q&feature=youtu.be

ئــەو کاســێتە بەڵگەیــەکی لەرادەبــەدەر گرنگــی  مێژووییــە کــە دوای ۲۷ ســاڵ شــاردنەوەی لــە خــەلکی کــورد، لەلایــەن بنکەیــەکی حــدکا لــە دانمارک بە بێ هیچ روونکردنەوەیەک لە فێیس بوکدا بلاو کراوەتەوە.

نــاوەرۆکی ئــەو دۆکۆمێنتــە مێژووییــە، بریتیــی یــە لــە خیتــاب و پــەیامی پێــنج خولــەکیی  سکرتێری یــەکێتیی نیشــتمانی بــۆ  وتــوێژی حــدکا بــە نوێنەرایــەتیی  د.قاســلوو و عەبــدوللاقادریی ئــازەر لەگــەل دوو تێرۆریســت – دیپلۆمــات، نوێنــەرانی علــی اکبــر هاشــمی رفسنجانی، ســەرۆک کۆمــاری پێشــتری ئێــران بــەو ناوانــە " ۱– محمــد  جعفــری صــحرارودی ناســراو بــە رحیمــی   بەرپرســی ســەرەکیی دەفتــەری ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران لــە گونــدی "یاخســەمەر" لــە لێــواری ســنوری رۆژهــەلاتی کوردســتان ( ناوەنــدی مەکتــەبی سیاســیی یــەکێتیی نیشــتمانیی لــە چەنــد کیلــۆمیتریی گــەورەدێ،  ناوەنــدی دەفتــەری سیاســیی و شــوێنی ژیــانی د.قاســملوو حــدکابوو.۲– حــاج

مصطفى اجوادی پاسدارێکی سەر بە ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران لە ورمێ. بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە سەرۆک تالەبانیی، خۆی پێشنیاردەر، پلاندارێژ ،بەڕێوەبەرو ڕێکخەری ئەو وتوێژە بووە کە لەسەرەوە باس کرا.

واقعییەت ئەوەیە کە سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی هەرگیز بە دوکتور قاسملووی رانەگەیاندبوو کە محمد جعفری صحرارودی (سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە پاخسەمەر جێگیر بووە و لەوێ، لە ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی و لە تەنیشت دەفتەری کاری خۆی ژیابوو. [1] ناوبراو لە دیسامبری ١٩٨٦ ە وە تا دوو حەوتوو بەر لە تێرۆری د.قاسملوو لە ئیمکاناتی یەکێتیی نیشتمانیی بۆ رایەڵکردنی تۆڕی جاسوسیی لە ناو حدکا کەڵکی وەرگرتبوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەی ١٠٥نووسینی نەوشیروان مصطفى چاپەکانی یەکەم و دووهەم. لە ئالمان و سلێمانیی لە سالی١٩٩٩،

سەرۆک تالەبانیی ئەو دوو تێرۆریستەی بە ناوی نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆک کۆماری ئێران و نوێنەری رەسمیی دەولەتی ئێران بە د.قاسملوو ناساندبوو.

پێوەندیی کارگێڕانی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی بە دەسەلاتدارانی ئێرانەوە، شەخسیی و ئەمنییەتیی و نە سیاسیی بووە. تالەبانیی و ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی بە پێچەوانەی ئیددیعایەک کە کراوە پێوەندیی‌سیاسیی لەگەل دەوڵەتی ئێران و وەزارەتی دەرەوەی ئێران نەبووە. رفسنجانی لە یادداشتەکانی‌دا نووسیویە : لە رێگەی محسن رضائی یەوە پەیامەکانی تالەبانیی وەرگرتووە.

ئەو کاسێتەی کە دوای ٢٧ ساڵ لە لایەن حدکا بلاو کراوەتەوە بە نهێنیی لە لایەن د.قاسملووەوە تۆمار کرابوو .

پێشنیاری وتوێژی نێوان د.قاسملوو و کۆماری ئیسلامیی بیرۆکەی جەلال تالەبانیی بووە . پێشنیارەکە نهێنیی، نائاسایی، چاوەڕووانەنەکراو وتایبەتیی بووە. کرتە بۆ ئێرەبکە و Ctrl دابگرە !

**پێوەندیی دۆستانەی د.قاسملوو و جەلال تالەبانیی و ئاڵ و گۆڕەکانی ئەو پێوەندیی‌یە لە رەوتی رووداوەکاندا**

**قۆناخی یەکەم، ژیانی تالەبانیی و د.قاسملوو لە تاران**

ئاشنابوونی د.قاسملوو لەگەل جەلال تاڵەبانیی دەگەرێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە دوکتور قاسملوو و هاوسەرەکەی و دوو منداڵی ، دوور لە چاوی پۆلیسی شا لە تاران لە سەرپەنایەکی تەریک کەوتوودا ژیابوون .

" خۆشکە نەسرین"، هاوسەری د.قاسملوو لەکتێبەکەیدا بە ناوی خاتوونێکی ئوروپیی لە ولاتی کوردان بە زمانی فەرەنسیی باسی لە ناسینی جەلال تالەبانیی و سێ هاورێی ناوبراو لە تاران کردووە. ئەو ئاشنایەتییە پێنج ساڵی خایاندبووو. مادام قاسملوو ئەو ئاشنایەتیی‌یەی لە چەند دێردا، لە لاپەرەی ١٦٥ی کتێبەکە یدا باس کردووە. وەرگێردراوەکەی لە خوارەوە بخوێنەوە .

وەرگێردراوی نووسراوەکەی مادام قاسملوو :

" ئەو [ هاوژینەکەی د.قاسملووە] دەبوو ئەو سەرپەنایە لەگەڵ سێ لاو بەش بکا. یەک لەو سێیە خوێندکاری کۆلێژی مافەکان بوو کە لە ترسی پۆلیس لە کۆلێژەکە ڕای کردبوو. ئەوکەسە مەشرەفخۆش و زۆربڵەبوو. بە ناوێک خۆی دەناساند کە ناوی خۆی نەبوو، بەڵام ناوە راستەقینەکەی "جەلال تاڵەبانیی "بوو.

Elle du partager l'un des refuges avec trois jeunes homme. L'un d'eux etait etudiant en droit et venait d'abandonner la faculte, pour echaper a la police. C'etait un homme sympathique et bavard. Il portait un pseudonyme mais son vrai nom etait Jalal Talabani..

## "خیتابی سیاسیی" جەلال تالەبانیی بۆ دەسپێکی قۆناخی یەکەمی وتووێژ

[1] کتێبی خولانە وە لە ناو بازنەدا لاپەرەی ١٠٥

ئەوەی لەو لینکەی خوارەوەدا دەیبیسن[2] و دواتر بە نووسراو بە دوو زمانی فارسیی و کوردییدەیخوێننەوە "پەیامی سیاسیی" جەلال تالەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانییە کە لە یەکەم کۆبوونەوەی د.قاسملوو لەگەل تێرۆریستەکانی هاشی رفسنجانی کە بە پێی " راپۆرتە خەبەرییەکەی بۆ ئیتتیلاعاتی ژێردەسەلاتی علی فلاحیان کە پێشتر دەقەکەی لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)وە لە رۆژنامەی کوردستاندا " لەژێر سەردێری : رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ" نووسراوە. ئەو "راپۆرتەخەبەرییە "، بە ئۆدی بیرو پلانی کارەتایبەتییەکان" پێشنیارکرابوو. بە و پێشنیارە و پێداگرتنی جەلال تالەبانیی پلانی وتوێژ دارێژراو وتووێژ ی لەڤیین رێکخرا..،

تالەبانی خۆی ئەو پەیامەی کە دواتر دەقەکەی بە کوردیی و فارسیی دەنووسرێ، لە رۆژی ١٩٨٨/١٢/٢٨ لە کۆبوونەێ نوێنەرانی رفسنجانیو د.قاسملوودا خوێندووەتەوە.

ئەو پەیامەی تالەبانیی بەرادەیەک گرنگە کە بە متمانەوە دەکرێ بگوترێ کە ناوەرۆکەکەی بووەتە زەمینەخولقێنی ی سەرجەمی کارەساتەکانی کوردستان. شەخسی تالەبانییش لە راپۆرتی خۆیدا بۆ پلێنۆمی چواری ینک و کەسایەیەتیی ژمارە٢ی بەرێی یەکێتیی نیشتمانی واتە نەوشیروان مصطفی ئەمین، لە وەلامی راپۆرتەکەی تالەبانیی دا بۆ ئەو پلێنۆمە، دانیان بەو واقعییەتەداناوە.

"رێکەوتن"ی تالەبانیی و باقری ذوالقدر نوێنەری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران(دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران) لە مانگی دەی ١٩٨٦ بوو بە هاندەری رژیمی صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی ئەنفالەکان، هەلەبجەو سەردەشت، تێرۆری رێبەرانی حدکا و تواندنەوەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئاشبەتاڵ وراکردنی هەموو تەنزیمەکانی کوردستان بۆ ئێران.

نووسینی وتارێکی نەوشیروان مصطفی لە ژێرسەرناوی "خەونی چۆلەکە" و دانیشتنی لەگەل نوسەرێکی لۆمۆند لەمەر سەرنەکەوتنی وتوێژی ینک و یەکێتیی، هۆکاری ئێران– یەکێتیی لە روانگەی یەکێتییەوە سەرنج بدە، نە لە روانگەی نەوشیروانە، باسی ئەگەرەکانی پاشەرۆژی جەنگی عێراق – ئێران و یەک لەو ئەگەرانە دابەش بوونی عیراق بۆ ٣ دەولەتی شیعە، سوننە و کورد و دەربرینی رای خۆی بۆ لەت کردنی عێراق کە بە راشکاوییەوە گوتوویە : لە ناخی دڵەوە ئاواتەخوازی ئەوەیە عیراق لەت و پەت بێ".لاپەرەی ١٢٣کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا، ئەمانەی نەوشیروان نووسیونی، لە بەیروت، سوریا، ئێران و تورکیا کاردانەوەیەکی توند و تیژی لێکەوتبۆوە. نەوشیروان نووسیویە ئەو وتوێژەی ئەوو نووسەری بێناوونیشانی لۆمۆند گەردەلوولێک بووە ورۆژنامەکانی السفیری بێروت و بەعسییەکانی سوریا، ئێران و تورکیای هەژاندووە وهێرشیان کردوەتە سەر نەوشیروان مصطفی. بەجۆرێک کە نووسەرێکی بەعسی سوریا بە ناوی منذر الموصلی لە دوا کتێبیدا بە ناوی: الحياة السياسية و الحزبية فى الكردستان: روية عربية للقضية الكردية نووسیویە":

"وما القول اذن فى الطرح الخائن الهجين ضدالامة العربية، الذى ادلى بە امين نوشيروان، عندما دعا فى النيسان ١٩٨٧ الى تقسيم العراق دويلات عده، شيعيه و سنيه و عربيه و كرديه كسبيل ثانى لە فى بلوغ الاستقلال لشعبەو بلاده؟ ... بروانە لاپەرەکانی ١٢٢ –١٢٣ و choleke 124 کرتەیان بۆ بکە و Ctrlدابگرە!

نەوشیروان لەو چەند لاپەرەیەدا بەو وتوێژو نووسینانەی، پلانە نهێنییەکەی تالەبانیی لەمەر" هلال شیعی" پێکهاتوو لە ئێران و سەماحەتی حکیم سەرۆکی (بدر) و بەعسی سوریا و کوردستان بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی بە پشتیوانیی کوردستان لەو پلانەدا وەراست گێڕاوە. نەوشیروان مصطفی لەگەل ئەوە کە خۆی بە پلانەکەی تالەبانیی و بوونی ینک بە بەشێک لە سپای پاسداران بەرعۆدە و پشتیوان نیشانداوە لە هەمان کاتدا لەژێر سەردێری " خەونی چۆلەکەو دەرسێک لە دەولەتداریی، گاڵتەی بەو خەونەی تالەبانیی کردووە. کاتێ کە ئەو نووسراوەیەی نەوشیروان و وتووێژەکەی تالەبانیی لەگەل کیهان[3] وێکرا بخوێنیەوە و بە خیتابی تالەبانییەوەی بلکێنی کە لە دەسپێکی وتوێژی نێوان د.قاسملوو صحراروودیدا بە راشکاوی دەربیریوە ئەوکاتە دەوری تالەبانیی لەو کارەساتانەدا بەوجۆرەی نەوشیروان مصطفی ئەمین نووسیویە پڕەنگتر دەکەوێتە بەرچاو .کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

2 https://www.youtube.com/watch?v=jQPYYLxbh9Q&feature=youtu.be

3 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2YmhydFE3c2hVUVk/view

ولامـی نەوشـیروان مصـطفی لـە نووسـراوە راشـکاوەکەی‌دا بـە نـاوی "لەهاوخەباتیـەوە بـۆ تـەخوین"[4] کـە ئێسـتاش لەسـەر سـایتی سـبەی راگیـــراوە تێیـــدا هەمووهۆیـــەکانی مـــالوێرانی، ئـــەنفال و کارەســـاتەکانی رابـــردووی باشـــورو رۆژهـــەلاتی کوردســـتان دوای لکانـــدنی یەکێتیی نیشتمانیی بە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەردەخا .

**حسن علی مجیدو توانەوەی یەکێتیی نیشتمانیی لە مانگی دێسامبری ١٩٨٦**

**لە کۆتایی مانگی مارسی ١٩٨٧ حسن علی مجید کرا بە حاکمی بێ لەمپەری کوردستان**

**دوای توانـــەوەی تـــەنزیمی ینـــک و هێـــزی پێشـــمەرگەی ینـــک لـــە ئیتتیلاعـــاتی سپای‌پاسـداران‌لەمانگی دەی ١٩٨٦ ئەنفالـــەکان، دێپـــۆرت و رفانـــدن و بێسەروشـــوێنکردنی هـــەزاران بـــارزانی، کارەســـاتەکانی هەلەبجـــە، سەردەشـــت، تێـــرۆری ڕێبـــەرانی حـــدکاو تواندنـــەوەی بزووتنـــەوەی کـــورد لـــە رۆژهـــەلات و باشـــوری کوردســـتان بـــە بەشـــداریی و سەرپەرشـــتیی راســـتەوخۆی علـــی حســـن مجیـــد بـــەڕێوەچوو. بروانـە نامـەی تایبـەتیی تالـەبانیی بـۆ جـەبار فرمـان بەڵگەنامـەی ژمـارە ٣٢ کتێبـی شـەری کوردسـتانی عێـراق چـۆن دەسـتی پێکـردو کـێ لێی‌بەرپرسیارە... کرتە بکە بۆ ئێرە و ئێرە وCtrl دابگرە!**

بـەر لـە چـوونی تالـەبانیی بۆتـاران لـە ١٩٨٦، تـارق عزیـز واقعییـەتی شـەرو بەرنامـەی دوارۆژی رژیمەکـەی راشـکاوانە بـە فەرەیـدون عەبـدوالقادری نوێنـەری تالـەبانیی راگەیانـدبوو... تـارق عـەزیز پـارابۆوە و ئاگـاداری کردبـوو کـە نەکەونـە نـاو ئـەو تەڵەیـە کـە بـۆ کـورد دانـدرابوو. بـەلام لێکدانـەوەی خێلـەکیی تالـەبانیی و تەنزیمەکـەی ئـەو قومـارە دۆراوەیـان بـە کـورد کـرد و خـەونی چۆلەکـەیان بـەو جـۆرەی کـە نەوشـیروان باسـی کردبـوو بـۆ خۆیـان وەدی هێنـا و زەمینـەی کارەسـاتەکانی ئـەنفال و تونـاکردنی بزووتنـەوەی کوردیـان بۆ جینایەتکارانی رژیمی صدام خولقاند.

تالـەبانیی خـۆی گوتـەنیی خـەونی بـە هاوپـەیمانیی " ئاخوندەکانـەوە" دەدی. دوای گەڕانـەوەی فەرەیـدون عەبـدەولقادر و بیسـتنی ئـەو خەبـەرە کـە ئێـران لـە شـەردا تێشکاوە و ناچـارە ئاگربـەس لەگـەل عێـراق بکـا، لەگـەل پێـنج هـاورێی، بەلـەز خـۆی بـە تـاراندا کـردو بـێ هـیچ لێکدانەوەیـەک تەنزیمەکـەی کـردە بەشـێک لـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و زەمینـەی خولقانـدنی کارەسـاتەکان و وێرانـی کوردستانیان بۆ دوو رژیمی جینایەتکاری ئێران و صدام خولقاند.

تالـــەبانیی بـــۆ چوونـــە ژێـــر "ئـــالای یـــەکێتیی ولاتـــانی شـــیعە( هـــلال شـــیعی) ئـــاراو قـــارای لێ‌هـــەڵگیرابوو، لـــە سـلێمانیی حسـینییەی دروســـت کـــرد، کـــادرە کـــانی ســـەرکردایەتیی بـــۆ فێربـــوونی زمـــانی "فارســـیی" و ســـەوداو ســـەلەم ووەرگرتنـــی بینـــاو ئاپارتمـــان و حەوانـەوە و راهێنـان و تووانـەوە لـە نـاو ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بـە کـۆ و بـە تـاک نـاردنی بـۆ لای فەرمانـدەرانی ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە کرماشـان و ورمـێ و تـاران...(بروانـە خولانـەوە لـە ناوبازنـەدا (نەوشیروان)ل. ١٠٣)و ١٠٥ کرتـە بـۆ سـەر ئـەو دوو ژمارەیـە بکـە و Ctrl دابگـرە. تالـەبانیی بـۆ بـەڕێوەبردنی پلانـەکانی سـپای پاسـداران و حەسـەن مەجیـد ناوەنـدێکی لـە یاخسـەمەرلە پەنا دەفتەری سیاسیی د.قاسملوو (گەورە دێ) بۆ جێگیربوونی صحرارودی وەرێخست.

کـارگێرانی پلەبـەرزی ئـەو تەنزیمـە هـیچ پرەنسـیپێکی سیاسـیی، نەتـەوەیی‌و ئازادیخوازانـەیان لـە پێوەنـدیی بـە حـدکاوە بـەرچاو نەگرت.

نامەیـەکی کۆسـرەت رەسـول بـۆ نەوشـیروان و پارانەوەکـەی بـۆ داخسـتنی رادیـۆی حیزبـی دێمـوکرات بخوێنـەوە و سیاسـەت بـە پێوانـەی ئەندامانی سەرکردایەتی "ینک" هەڵسەنگێنە! بروانە دەقەکەی بە یارمەتیی پشکنەری گوگل لە سایتی سبەی‌دا.

**خیتابی سیاسیی سەرۆک تالەبانیی بۆ وتوێژی د.قاسملوو و صحرارودی** لە ١٩٨٨/١٢/٢٨

**خیتابەکەی تالەبانیی لەو لینکەدا بە زمانی فارسیی ببیسە کرتەی بکە و کۆنترۆل دابگرە!**

https://www.youtube.com/watch?v=Nwte0GeFzPM

**دەقی پەیامەکەی تالەبانیی بە زمانی فارسیی بە دەنگی خۆی ببیسە و بخوێنەوە!**

4 file:///D:/Babe/Downloads/le%20hawxebatiyewe%20bo%20texwin%20SBEIY.COM%20%20%20YOUR%20NEWS%20CHANNEL.htm

**ئەم خیتابە سیاسییەی جەلال تالەبانیی لە رۆژی ۲۸ ی مانگی دیسامبری ۱۹۸۸ بۆ یەکەمین رۆژی وتویژی نیوان:**

**۱ –پاسدار محمد جعفری صحراوردی جیگری فەرماندەری ئیتتیلاعات واتە دەزگای سیخوریی سپای پاسدارانی قەرارگای رەمەزان جیگیر لە یاخسەمەر،**

**۲ –اجوادی ناسراو بە حاج مصطفی مصطفوی، کارگیریکی دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران لە ورمێ،**

**۳ –نەوشیروان مصطفی، ئەندامی سەرۆکایەتیی یەکیتیی نیشتمانیی و کەسایەتیی ژمارە۲ی ینک و دواتر سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان.**

**٤ –جەلال تالەبانی، سکرتێری یەکیتیی نیشتمانیی"**

**ئەندامانی لاوەکیی ینک بەشدار ... : خەسرەو خاڵ و شازاد سەعید،**

**بەشدارانی حدکا بریتی بوون لە:**

**۱ –عەبدوللا قادریی، بەرپرسی دەفتەری حدکا لە پاریس،**

**۲ –د.عەبدوررەحمان قاسملوو، سکرتێری حدکا.**

**شوێنی وتویژ : ولاتی ئوتریش(نەمسا)، مالی ئەندامێکی لایەنگری تالەبانیی بە ناوی خەبات مارف کە لە لایەن محمد سەعدی ئەحمەدەوە ریکخرابوو. خەبات مارف ئیدیعای کردبوو کە ئەورۆژە لەسەفەری ئونگار بووە و کلیلی ماڵەکەی لە لای محمد سەعدی بووە . لیکۆلینەوەی پۆلیس دەریخستووە کەخاوەن مالەکە شەویک لە هۆتێل هیلتۆن میوانی محمد جعفری صحراوردی بووە و بە ناو ناسیبووی.**

**تێبینیی ۱: مەلەعەبدوللاحیاکیی(حەسەنزادە) گۆترەیی باس لە بەشداریی بنبێلا سەرۆک کۆماری راکردووی ئەلجەزایر لە بەشی یەکەمی وتویژەکەدا کردووە. ئەوەش راست نییە. ئەوکابرایە لەو وتویژە ئاگادار کرابووو لە دیسامبری ۱۹۸۸ ئاپارتمانێکی لە لایەن بالویزخانەی ئێرانەوە بۆ کردرابوو[5]. فازل رەسول کارگیری بالویزخانەی ئێران لە ڤییەن ئەو ئاپارتمانەی لە لایەن بالویزخانەی ئێرانەوە بە ملیۆنێک و چوار سەت و پەنجاهەزار شیلینگ (۱٤٥۰۰۰۰ ) بۆ بنبێلا کریبوو کرتە بۆ ئێرەبکە و Ctrl دابگرە. پێشتر بەلگەنامەی ئەو پلانە جینایەتکارانەیە بلاو کراوەتەوە. بروانە ئەولینکەی ژمارە 4. پلانەکە ئەوە بووە کە لە دەوری یەکەمی وتوویژەکەدا کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو بهێنرێ. دوای دوو رۆژ و چەندین کۆبوونەوە لە مالی خەبات مارف و فازل رەسول و براکانی کۆبوونەوەکان بۆ ماوەی ۲۰رۆژ راگیرابوون. لە ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ جارێکی دیکە بۆ ماوەی رۆژێک کۆببوونەوە. پۆلیسی دادوەریی بەدوای ئەوەدا گرابوو کە بزانێ لەوماوەیەدا صحراوردی و هاوریکانی... لە کوێ بوون. گومانی ئەوە کەلەوماوەیەدا صحراوردی بۆ دانی راپۆرت بە ئۆدەی کارەتایبەتییەکان گەڕابووبێتەوە بۆ تاران، بەرنامەی رژیم ئەوە بووە بە نهێنیی ئەو کارەبکرێ و تیرۆرەکە بە کاری سەرۆکی تەنزیمێکی دیکە و ناکۆکیی ناوخۆیی و دژبەرەکانی حدکاو د.قاسملوو راگەیەندرێ. ئەو بابەتە دواتر بە پێێ لیکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی ڤییەن باس دەکرێ.**

**تێبینیی۲ : ئەم دوو کەسە جاسوسەی سپای پاسداران( صحراوردی و اجوادی) لەلایەن جەلال تالەبانییەوە بە ناوی ''نوینەری سیاسیی نیزام، نوینەری علی اکبر هاشمی رفسنجانی( سەرۆکیپارلمان، دواتر نوینەری سیاسیی سەرۆک کۆمای ئێران) بە د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ناسێندرابوون.**

**تێبینیی ۳: پێشنیاری وتویژەکە راپۆرتێکی خەبەریی بووە کە لە لایەن تالەبانییەوە بە نهێنیی و لە قەولی:" د.قاسملووەوە کە ئاگاداری نەبووە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی ئێران نووسرابوو. بەلام بە شێوەی نائاسایی ئەو "راپۆرتە خەبەرییە،**

---

5 _https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2SE9Zbm5EYkpuajA/view?pref=2&pli=1

نهێنییەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی کۆماری ئیسلامیی ناردبوو کە سەرەرای ئەوە کە مۆری نهێنیی لێدرابوو و نەدەبوو بڵاو بکرێتەوە لە رۆژنامەی کیهان چاپی تاران بڵاو کرابۆوە [6] . کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە (حەییاکیی)تەعلیقێکی لەژێرناوی "رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ لەسەر ئەو راپۆرتەی تالەبانیی نووسیبوو. تعلیقەکەی مەلا عەبدوڵلا لەرۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ١٢٧ لە لاپەڕەی ١٦دا بڵاو کرابۆوە بروانە وینەکەی لە لاپەرەی ٥٠ ئەم لێکۆلینەوەیەدا.

ئەوەش "خیتابە سیاسییەکەی تالەبانیی یە کە بەدەنگی خۆی و بە زمانی "فاریسیی" بۆ بەشدارانی ئەو وتووێژەی دەربریوە.[7]

تاڵەبانیی لە خیتابەکەیدا دەڵێ:

":باید همرای باشیم کە جمهوری اسلامی ایران بهترین کشوری است کە باید همبستگی استراتژیک بین خلق کرد و جمهوری اسلامی بوجود بیاوریم تا بە پرچم اتحاد جماهیر اسلامی برسیم و بتوانیم بە این کار همدست باشیم واینکار من "فیکر" میکنم کە هریک از این کشورها کە بتواند اولا کردهای خودش بعدا، کردهای دیگر را راضی کند هم برای خودش هم برای تحقق آرمانهای انسانی، اسلامی و عدالت گامی بزرگی بە پیش میرودا؟

مافکر میکنیم، جمهوری اسلامی این کشوری است کە باید آن کاررا بکند انجام بدهد[؟] و ما هم در راه مبارزه انقلابی در همان کشورها برای جمهوری اسلامی بکنیم و این هم تا درجە بزرگی با مسالە اعتبار دارد!؟. علاقمندیم[کلمە نامفهوم] بنا بر این ما امیدواریم امروز تاریخی باشد و بە نتیجەی خوبی برسیم و هم یک روزی بیاید کە آن وام دکتر قاسملوبدهیم، ببریم تهران بلکە ایشان من رابردند بە بغدادو بە نتیجە نرسیدیم ولی من ایشانرا با خودم ببرم بە تهران تا بە نتیجە برسیم.."؟!

"نقطە[ نکتە] دوم: وقتی فکر میکنیم کی[کە] واقعا این مقداری با اطلاع هستیم کە هردو طرف صادقانە بە شیوەی جدی میخواهنداشکالاترا حل کنند!. اگر مسئلە سیاسیی هست حل کنند. ما میدونیم کە این بە نظر خودمان کە این دو طرف این رغبت و این آرزو را دارند.

نقطە[نکتە] سوم: این کە فیکر [فکر] میکنم در این مقطع کنونی در این لحظە تاریخ نباید بە شیوەی نادرستی یا هر شیوەی دیگری مثلا بگیم چرا امروز حزب دمکرات بیاد شاید در مضیقە باشد و شاید در چی باشد یا بگیم این چرا امروز بیاید صحبت بکند شاید با درگیر شدن در ضعف مسالەرا نگاه کنیم. فکر بکنیم کە یک مشکل کی هست برای حل کە برایش پیدا بکنیم با هردو طرف مایل این حل هستندو باید بە شیوەی دوستانە و برادرانە و صمیمی و طبق آرمانها و اصول انسانی و اسلامی و بشردوستانە حل بکنیم. ما البتە در این راه هر چە از دستمان بیاید کوتاهی نخواهیم کرد. انشاءاللە شما هردوطرف بە نتیجە خوبی میرسیدو دیگر شما میشید خودتان[؟] و مامیشیم مثل کاک عبداللە هنوز نشدە چیز خودمان میگیریم؟! مارا بیرون از خودتان انشاءاللە تحقق پیدا میکند؟!!و ... خیلی خوشحال هستیم کی [کە] این شرفرا بە ما دادند این جلسە تشکیل بشودو خیلی خوش آمدید انشاءاللە کە پیروز بشید . چشم!! "..

ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە بێ زیادو کەم و بێ دەستتێوەردان ئەو خیتابە "سیاسییە" گرنگەی’’ سەرۆک تاڵەبانی بووە کە لە لەسەرەتا و دەسپێکی گوتوبێژی د.قاسملوو و صحراروری، بە قەولی تالەبانیی نوێنەری نێزامی ئیسلامیی و نوێنەری علی اکبر رفسنجانی، سەرۆکی پارلمان و دواتر نوێنەری سەرۆک کۆماری ئیسلامیی پێشکەشی کردووە. تۆش وەردی دەوە، وردی کەوە، لێیورد بەوە، گوێیبۆبگرە و لێی تێبگە! کە ئەو خیتابە سیاسییە چ رێنوێنییەکی سیاسیی وچ ئامۆژگارییەکی حکیمانەی پڕ لە ئەزموونی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بۆ د.قاسملوو و خەلکی کورد بۆ فێربوون و بەدواداچوونی سیاسەتڤانانی وەچەکانی دادێیکورد تێدا گونجاندووە!!

سەرۆک تالەبانی لەو بەناو " خیتابە سیاسییە"یدا چی گوتبوو؟ ئەو کۆبوونەوەو وتووێژە بۆ چی کرابوو ؟ بریاربووە لەسەر چی وتوێژ بکرێ؟ ویست و داخوازی سیاسیی د.قاسملوو بۆ پێکهێنانی ئەو وتوێژە چی ببوو؟ تالەبانیی چ بەرنامەیەکی بۆ حدکاو

6 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2eTl4YmwwZEg0SVU/view?usp=sharing

7 https://www.youtube.com/watch?v=jQPYYLxbh9Q&feature=youtu.be

**بزوتنەوەی کورد هەبووە؟ بەر لە وتویژەکە د.قاسملوو چ ویستێکی حدکا و چ پێش شەرتێکی بۆ پێکهێنانی وتوویژەکە بە تالەبانی راگەیاندبوو؟ لە وتەکانی تالەبانیی دا ویستێکی د.قاسملوو نابیندرێ کە تالەبانیی رایگەیاندبێ.**

**تۆ بڵێی پێشنیاری سیاسیی د.قاسملوو بۆ ئەو کۆبوونەویە کە تالەبانیی لە راپۆرتە خەبەرییەکەی‌دا باسی کردبوو خۆبە؟دەستەوەدان و وەرگرتنی ئەماننامە بووبێ؟!**

**ئەو راپۆرتەخەبەرییەی تالەبانیی واتە داواکردنی ئەماننامە و خۆبەدەستەوەدان لە لایەن د.قاسملووەوە،سەرنجی نووسەری ئەم دێرانەی راکێشا بۆ ئەو تەزویرەی کە مەلا عەبدوللا لە قوت کردنەوەی خوێندکارێکی نائاگای کۆیە کە پایاننامەیەک لەژێر ئەو سەردێرە " رۆڵی د.قاسملوو لە بزووتنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان"بنووسێ و تێیدا ئەو راپۆرتەخەبەرییەی تالەبانیی بگونجێنێ. مەلا عەبدوللا بەو کارەی فێڵی لە چوار مامۆستای کۆیە کرد و خۆی لە خوێندکارەکە کردە پسپۆر و رێنوێن و ئەو بوختانەی بە خوێندکارەکە کرد. ئەوکاتە نووسەری ئەم دێرانە لە ژێر ناوی تێرۆری گیان و ئەندیشە ( لە پێنج بەش‌دا تەزویرەکەی مەلا عەبدوللاو خۆهەراج کردنەکەی و بێسەوادیی و بوختانەکەی و فێڵێک کە لە مامۆستاکانی ئەو دامەزراوەیەی کردبوو لەقاودا.** برwانە rojikurd.info

**لە ریزە وتارێک‌دا بە ناوی تێرۆری گیان و ئەندیشە، ئەو بوختانەی مەلا عەبدوللا بە د.قاسملوو لە قاودرا. د.قاسملوو و وەرگرتنی ئەماننامە ؟ واتە ئەو داوایەی کە تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی فلاحیانی نووسیبوو؟**

**ئاورێک لە راپۆرتە خەبەرییەکەی تالەبانی بۆ دەزگای ئیتتیلاعاتی علی فلاحیان کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)لە کوردستان ژمارە ١٢٧ سالی ١٣٦٦ بەرامبەر بە ژوئەنی ١٩٨٧ نووسیبووی و لە تەعلیقەکەی‌دا گالتەی بە تالەبانیی و راپۆرتە خەبەرییەکەی کرد بوو، وەلامی هەموو ئەو پرسیارانەی تێدایە: تالەبانی نامەی بۆ دەزگای تێرۆر واتە ئیتتیلاعاتی فلاحیان نووسیبوو و گوتبووی : "قاسملوو نامەی بۆئەو (تالەبانیی)نووسیوە و وێرای ئیقرار بە وەزعی نابەسامانی حیزب، داوای کردووە بۆ سکرتێر و ئەندامانی دیکەی حیزب " لە کۆماری ئیسلامیی ئەماننامە وەربگرێ"؟ !!**

**ئەوەی کە لەسەرەوە بە زمانی فارسیی نووسراوە لە ژێرەوە کراوە بە کوردیی. ئەوەش دەقی وەرگێردراوەکەی "خیتابی سیاسیی تالەبانیی"یە بە زمانی کوردیی:**

**پاراگرافی ١– تالەبانی دەڵێ:"دەبێ بۆچوونەکانمان بکەین بە یەک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران باشترین ولاتێکە کە دەبێ هاوپێوەندیی ستراتێژیک لە نێوان گەلی کورد و کۆماری ئیسلامیی دروست بکەین تا بە ئالای یەکێتیی کۆمارە ئیسلامییەکان بگەین و بتوانین لەوکارەدا هاودەست بین و ئەوکارە و من وای بیر لێدەکەمەوە کە هەرکام لەو ولاتانە کە بۆی بکرێ کە کوردەکانی خۆی دوایە کوردەکانی دیکەش رازی بکا بۆ خۆی و بۆ وەراست گێڕانی ئامانجی ئینسانیی، ئیسلامیی و دادگەریی هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش دەچێ.**

**ئەوەی لە سەرترو لە دەقەفارسییەکەی تالەبانیی‌دا نووسراوە فارسیێ‌یەکی ناتەواو و سوک، کاڵ و نەکولیوو سەقەتە و هێندێک شتی تێدایە کە فام ناکرێ. بەشێک لەو دێرانە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە. مەعلوم نییە مەبەستی جەلال تالەبانیی چی بووە و ئەو وتویژەی بۆچی رێکخستبوو. تالەبانی باسی " اگر مشکلی هست" و "اگر مسئلەای هست" دەکا. دەسال خەبات و دەیان هەزار کوژراو و سەدان هەزار ئاوارە و مالوێران " اگر مشکلی هست" بووە؟!**

**ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تالەبانی زانیویانە چییان لە د.قاسملوو دەوێ، ئەوەی د.قاسملوو داوای کردبوو لەو پەیامەی‌تالەبانیی‌دا نەبووە. لە پەیامەکەی تالەبانیی دا داواکراوە کە د.قاسملوش رەگەل کۆماری ئیسلامیی ببێتە هاودەنگ و ئەو ویستەی کۆماری ئیسلامیی قبوڵ بکا کە تالەبانیی گوتوویە:" باید همرای باشیم کە جمهوری اسلامی ایران بهترین کشوری است کە باید همبستگی استراتژیک بین خلق کرد و جمهوری اسلامی بوجود بیاوریم تا بە پرچم اتحاد جماهیر اسلامی برسیم و بتوانیم بە این کار همدست باشیم واینکار من "فیکر" میکنم کە هریک از این کشورها کە بتواند اولا کردهای خودش بعدا، کردهای دیگر را راضی کند هم برای خودش هم برای تحقق آرمانهای انسانی، اسلامی و عدالت گامی بزرگی بە پیش می‌رود!؟"**

لەراستیدا جەلال تالەبانیی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ویستەی خۆی دوکتور قاسملووی بۆئەو وتوێژە بردبوو کە لە راپۆرتەکەی خۆیدا بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی علی فلاحیانی نووسیبوو کە لە کیهاندا بڵاو کرابۆوە و دواتر مەلا عەبوللا حسنزادەش تەعلێقێکی هەزەلیی لەسەر نووسیبوو و بە گاڵتەیەکی خەبەریی ناوی بردبوو.

د.قاسملوو چۆن دەیتوانی بزانێ کە تالەبانیی سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو وتوێژە لە قەولی د.قاسملووەوە چی بە رفسنجانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و علی فلاحیان گوتبوو؟

داخوازی د.قاسملوو بۆ وتوێژ لەگەل کۆماری ئیسلامیی نەگۆر بووە، لەسەرەتای شۆرشی ئێرانەوە تا تێرۆری دوو ڕێبەری حدکا،داخوازی حدکا، خودموختاریی بۆکوردستان و دێموکراسیی بۆ ئێران بوو. جەلال تالەبانیی بۆ پێکهێنانی ئەو وتوێژە بۆ چی بەرپرسێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی بە ناوی نوێنەری نیزام و نوێنەری دەولەتی ئێران و نوێنەری پارلمان بە د.قاسملوو ناساندبوو؟ ! تۆ بڵێی ئەوەش پێوەندیی بە ناشارەزایی سیاسیی تالەبانییلە سیستمی حکومەتیی ئێرانەوە بووبێ؟ هەربەو جۆرە کە گوفتوکردنی خۆی و پێنج ئەندامی لەگەل باقری ذوالقدر ( تێرۆریستێکی مافیوز لە گروپی شیرازییەکان بە هاوپەیمانیی لەگەل ئێران پێناسە کرد؟

ڕەنگە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و شەخسی جەلال تالەبانیی لەسەر سیستمی حکومەتیی ئێران زانیارییەکیان نەبووبێ. بەلگەی ئەو ئیددیعایەش لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا بە ڕوونیی نووسراوە.

بروانە ڕێکەوتنی مانگی دەی ساڵی ١٩٨٦ تالەبانیی و باقری ذوالقدر. تالەبانیی و تەنزیمەکەی وهەمو تەنزیمەکانی دیکە بەشوێن ئەو ڕێکەوتنەی تالەبانیی بۆ تواندنەوەی خۆیان و تەنزیمەکانیان لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا بە وتەی پاسدارێکی ڕژیم کەوتبوونە کێبەرکێیەکی سەرسوڕهەێنەر.

ئەو تەنزیمانە تەنیا لەگەل بەشی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران واتە لەگەل کارگێرانی دەرەجە نزمی دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران لە پەیوەندییدابوون. باقری ذوالقدر و صحرارودی کەسانێکی پلە نزمی دەزگای جاسوسیی بوون. ئەوانە ڕەوایی و سەلاحییەتی ئیمزاکردنی هیچ ڕێکەوتنێکیان نەبووە. تەنانەت دەولەتی ئێرانیش مافی ڕێکەوتنێکی ئاوای نەبووە. ئەو حیزبانە ئەگەر ورەی ئەوەیان هەبێ و رۆژێک بە دژی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانی کارەساتی ئەنفال و هەلەبجە و سەردەشت و تێرۆرکراوانی حدکاو وێرانکارییەکانی لە باشوری کوردستان سکاڵابکەن داواکەیان بلێی کەمتر لە داوای ٢٤١ سەربازی ئەمریکایی بێ کە لە بەیروت لەلایەن حیزبوللای لوبنان تەقێندرانەوە؟ وەکو باس کرا سێ لایەن لە کارەساتەکانی کوردستاندا بەرپرسایەتییان هەبووە: سەرانی یەکێتیی نیشتمانی خۆیان دانیان پێداناوە کە زەمینە خولقێنی کارەساتەکان بۆ دوو ڕژیمی ئێران و صدام بوون. دەولەتان بە پێی پەیماننامەی ١٩٦٩ ی ڤییەن ناتوانن لەگەل تاک وکۆ، گروپ و تەنزیمی سیاسیی پەیماننامە ئیمزابکەن. تالەبانیی و هاورێکانی ڕەمەکیی لەگەل پاسدارێکی تێرۆریست کوتە کاغەزێکیان ڕەنگە پێ ئیمزا کردبن کە بایەخی ئەو کوتە کاغەزەی نەبووە کە لەسەریان نووسیوە.

. دەقە فارسییەکەی بۆ پاراستنی ئەمانەت دەستی لێنەدراوە– نووسەر

**پاراگرافی ٢**

تالەبانیی دەڵێ:"ئێمە وا بیردەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئەو ولاتەیە کە دەبێ ئەوکارەبکا[ کامەکار بکا ؟] بیکا [دوو پاتەیە] ئێمەش لە ڕێی خەباتی شۆڕشگێرانەدا هەر لەو ولاتانەدا بۆ کۆماری ئیسلامی[ ؟] بکەین! ئەوەش تارادەیەکی زۆر "بامسالە اعتبار دارد، ئەو چەند دێرە فام ناکرێن.

تالەبانیی مەبەستی چی بووە؟ ڕەنگە مەبەستی ئەوە بوو بێ کە پێوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەبێ. پێمان خۆشە[ ؟] "لەبەر ئەوە ئێمە هیوادارین ئەمرۆ مێژوویەک بێ، بە ئاکامێکی باش بگەین و هەر وا رۆژێک بێ کە ئەو قەرزەی دوکتور قاسملوو بدەینەوە،بیبەینە تاران، ئەومنیبردە بەغداو بە ئاکام نەگەیشتین بەلام من ئەو دەبەمە تاران تا بە ئاکام بگەین."!!؟

دێرەکان ناتەواون، دەبی مەبەستی تالەبانیی ئەوە بووبێ و لە پەردەدا گوتبێتی کە حدکا وەکو "یەکێتیی نیشتمانیی" "خەبات " بۆکۆماری ئیسلامیی بکا. ئەوەش ئەو داخوازەی خۆی بووە کە لە راپۆرتە زۆر نهێنییەکەی دا بۆ وەزیری ئیتتیلاعاتی رژیمی ئاخوندەکانی ناردبوو و ئەویش لەرۆژنامەی کیهاندا بڵاوی کردبۆوە و مەلا عەبدوللا بە گاڵتە تەعلیقی رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ" لەسەر نووسیبوو؟

دیرەکانی تالەبانیی فام ناکرێن. ] وێدەچێ مەبەستی ناوبراو ئەوە بووبێ کە :کورد لەو ولاتانەی دیکەدا خەباتی شۆرشگێرانە بۆکۆماری ئیسلامیی بکەن وئەوەش تا دەرەجەیەک پێوەندیی بە چ مەسەلەیەکەوە هەیە؟ ! نازانرێ.

**وەرگێڕدراوی پاراگرافی ٣**

<u>"لەبەر ئەوە ئێمە هیوادارین ئەمرۆ رۆژێکی مێژوویی بێ و بە ئاکامێکی باش بگەین و رۆژێک دابێ کە ئێمە ئەو قەرزەی دوکتور قاسملوو بدەینەوە بیبەینە تاران، هەلبەت ئەو [د.قاسملو] منی بردە بەغدا و بە ئاکام نەگەیشتین، بەلام من ئەو دەبەمە تاران بە ئاکام بگەین!!</u>

**وەرگێڕدراوی بابەتی دووهەمی تاڵەبانیی**

"کاتێ کە من پێم وایە کە ئەو ئەندازەیەی کە ئاگادارین کە هەر دوو لا بەراستیی و بە شێوەیەکی جیددی دەیانەوێ گرفتەکان چارەسەربکەن. <u>ئەگەر مەسەلەیەکی سیاسیی لە ئارادا</u> هەیە چارەسەری بکەن. ئێمە دەزانین کە بە بیری خۆمان کە هەردوو لایەن ئەو مەیل و ویستەیان هەیە."

**وەرگێڕدراوی بابەت یان مەسەلەی سێهەم**

تاڵەبانیی دەڵێ:

<u>ئەوە من بیردەکەمەوە لەم بڕگەیەی ئێستادا لەمێژوو، نابێ بە جۆرێکی نادروست یان بە هەر شێوەیەکی دیکە وەک ئەوە بلێین بۆچی حیزبی دێموکرات بی و رەنگە لە تەنگانەدابێ، یان رەنگە لە چیدابێ یان بڵێین ئەوە کە ئێستا بێ قسەبکا، رەنگە لە گرفتاربوون، لە لاوازیی لە مەسەلەکە بڕوانین . بیر بکەینەوە کە گرفتێک هەیە بۆ چارەسەریی بۆی بدۆزینەوە لەگەل ئەوە کە هەردوو لا رازین کە چارەسەر بکرێ و دەبی بە شێوەی دۆستانە و برایانە هاودلانە و بە پێی ئامانجەکان و بنەماکانی ئینسانیی و ئیسلامیی و بەشەر دۆستانە چارەسەر بکەین. ئێمە دیارە هەر شتێک لە دەستمان بێ کۆتاییناکەین " انشاءالله( ئەگەرخوا بیهەوێ). ئێوە هەردوو لا بە ئەنجام و ئاکامێکی باش دەگەن و ئێوە دەبنەوە خۆتان و ئیمەش وەکو کاک عبدالله هێشتا نەبووە شتی خۆمان وەردەگرین ئێمە بەدەر لە خۆتان انشاءالله وەراست دەگەڕێ .</u>

ئەوبەشە لە وتەکانی تاڵەبانیی تێکەل پێکەڵن و فام ناکرێن. چونکە فارسییەکەی سەر وبنی نیە. ئەوە چ بەڵێنییەکی پێدراوە کە لەگەل کاک عەبدوللا قادریی لە صحرارودی وەردەگرن فام ناکرێ !! رەنگە مەبەسی خانوبەرە و شتی وابێ، هەر بەو جۆرە کە بۆ بنبێلا ئاپارتمانێک کردرابوو. ئیتتیلاعاتی سپا قەراربووە چی بدا بە تالەبانیی و کاک عەبدوللا ؟ کاک عەبدوللا تەنیا گوللەی دراوەتێ.

تالەبانیی لەو ئاخر دوو دێرەیدا دەلێ: زۆر خۆشحالین کە ئەو شەڕەفەیان دا بە ئێمە کە ئەو کۆبوونەوەیە پێک بێ و زۆر بەخێر بێن ! انشاءالله کە سەرکەون . چاو [سەرچاو]

بە پێی دەقی وتەکان، تالەبانیی د.قاسملوو ی بردبوو بۆ ئەوە کورد لەگەل جمهوری ئیسلامی یەکگرتوویی "ستراتێژیک" پێک بینێ بۆ ئەوە بە ئاڵا ( پرچم)ی یەکێتیی ولاتە ئیسلامییەکان بگەن. واتە مەبەستی تالەبانیی لەو وتوێژە ئەوە بووە کە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و د.قاسملوو وەکو خۆی بکاتە بەشێک لە سپای پاسداران ولە ژێر ئالای یەکگرتوویی ئیسلامیی پێک *هاتوو لە شیعەی عێراق، دەولەتی سوریا و حیزبوللای لوبنان، یەمەن و عەرەبستان بە یارمەتی ئێران "هلال شیعە" پێک بێنن و* کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی لەو یەکێتییەدا جێ بگرێ. ئەوەش ئەو خەیاڵپلاوە چەورەیە کە نەوشیروان مصطفی

ئەمین لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا بە خەونی چۆلەکەی پێناسەکردبوو. سەرۆکایەتیی هەموو کوردیش لەو یەکگرتوویی‌یەدا دەبوو بۆ تالەبانیی بێ !

## سەیرو سەمەرە بوونی پەیامەکەی سەرۆک تالەبانیی

سەرۆک تالەبانیی لە یەکەم خولەکی بە ناو وتوێژەکەدا پێگەی سیاسیی خۆی و دەورێک کە بۆ کۆماری ئیسلامیی گێراویە ئاشکرا کردووە. ئەو بە دوای ئەو راپۆرتە خەبەرییی‌یەوە بووە کە پێشتر بۆ وەزارەتی اطلاعات ی علی فلاحیانی ناردبوو و مەلا عەبدوللا حەسەن زادە تەعلیقی " رووت خەون بە دوو گەزەجاوەوە دەبینێ" بۆ نووسیبوو. هەرچەند ئەو راپۆرتە مۆری محرمانە ی پێوە بووە بەلام حجت الاسلام و المسلمین علی فلاحیان، وەزیری ئیتتیلاعات بریاری بڵاوکردنەوەی دابوو و لە کیهان‌دا بلاو کرابۆوە. پرسیار ئەوە یە کە حجت الاسلام فلاحیان بۆچی دەستوری بڵاوکردنەوەی بەقەولی مەلا عەبدوللا ئەو "راپۆرتە خەبەرییی‌یەی" دابوو؟

ئەو بە ناو خیتابە سیاسیی‌یە نیشان‌دەدا کە تالەبانیی هیچ ئامانجێکی جیا لە تواندنەوەی حدکا لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تەسلیم کردنی حدکا بە رژیمی ئاخوندەکان نەبووە. تالەبانیی بەو وتانەی کە بلاو کراونەوە، سەلماندوویە کە ئەو نەخوازیاری گەیشتنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە لانی کەمی مافە سیاسیی‌یەکانی خۆی بووە و نەخوازیاری راگرتنی شەر و کەمکردنەوەی ئێش و ئازارو کوشتاری کورد، نە دابینکردنی ئاشتیی لە کورستان، نە خوازیاری پووچەڵکردنەوەی فەرمانی جیهادی خومەینیی دژ بە کورد بووە .

حدکاو کۆتایی هێنان بە خەباتی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کالایەک بووە بۆ تالەبانیی کە لەگەل کۆماری ئیسلامیی سات و سەودای پێ بکا. ئەو خوازیاری تەسلیم کردنی حدکا و د.قاسملوو و کردنی کادرو پێشمەرگەی حدکا بە "پیشمرگان مسلمان کورد" و شەرکردن بۆ پێکهێنانی "هلال شیعی" بووە. بۆ ئەوە کورد ببێتە هاوپەیمانی ئاخوندەکان و کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی سەرۆک تالەبانیی ببێتە هاوپەیمانی ئاخوندەکان و هیلالی شیعیی دامەزرێنن. گوترا کە نەوشیروان مصطفی ئەمین خۆی لە وتوویژ لەگەل نووسەرێکی لۆمۆند لە پاریس ئەوەی بە خەونی چۆلەکە ناو بردووە. بروانە لاپەڕەی ۱۲۳ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا!

لە بیر نەچی سەرۆک تالەبانیی بۆ ئەوە نیشان بدا چەندە لە شیعە نزیک بووە، دەستوری دابوو بەپەلە پیاوەکانی لە سولەیمانیی " حسینیە" یەک دروست بکەن تا داروەدەستەی خومەینیی توانەوەی ناوبراو لە نێو شیعەی ۱۳ ئیمامیی‌دا باوەربکەن. بروانە نامەی تالە بانی بۆ جبار فرمان لە کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە!کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! لە بیر نەچی کە سەرۆک تالەبانیی لە ۱۳۶۲ سەت کەسێکی بەناوی هێزی پشتیتوان ناردە جاددەی سەردەشت–پیرانشار و زستانەکەی لە نزیک گوندی سورەبان و رەبەت مانەوە. مخابن لە کەمینێک دا ۹ پێشمەرگەی قارمانی یەکێتیی شەهید بوون .

ئەو بریارەی تالەبانیی بۆ ناردنی ئەو پێشمەرگانە بووە جێی متمانە و هەرگیز خەیاڵێکی خراپ لەمەر سەرۆکایەتیی ئەو تەنزیمە خۆی نەچزاندە مێشکی ریبەرانی حدکاوە.

دریژەی دەبێ

وێرای سوپاس و پێزانین لە بەرێوەبەرانی هێژاو بەفەرهەنگی چوار سایتی بەرپرس : بۆکان ، پێشمەرگەکان،هەلویست و رۆژی کورد ئینفۆ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆلینەوەیە.

حەسەن ئەیوبزادە ٨ مای ٢٠١٦